# گەڕەکە نوێیەکانی شاری سلێمانی لەهەموو ڕوویەکەوە بێ خزمەتگوزارین



ڕاپۆرت: ئاسۆ

کێشەی نیشتەجێ بوون بۆتە غەمی هەرە گەورەی تێکڕای خەڵکی کوردستان، ئەم گرفتە چەندین ساڵە بێ چارەسەر ماوەتەوە و بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە.

دەسەڵاتدارانی کوردستان چەندین ڕێگاو شێوازی جۆراو جۆریان گرتۆتە بەر بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشە گەورەیە، یەکێك لەو هەنگاوانەی لەم راستایەدا نراوە دابەشکردنی پارچە زەوی نیشتەجێ بوونە لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانییەکانەوە، بەڵام ئەم هەنگاوە بەهەموو پێوەرێك کورتی هێنا لەڕاستای چارەسەرکردنی بنەڕەتی و جوزئی کێێشەی نیشتەجێ بووندا، هۆکارەکانی ئەمەش زۆرە، یەکێك لەوانە ئەوەبوو کە شارەوانییەکان تەنیا زەویەکانیان دابەشکرد بەبێ ئامادەکردنی هیچ خزمەتگوزارییەکی پێشوەخت بۆ ئەو ناوچانەی کە زەویان تیادابەشکراوە.

ئێستا تەنیا لە سنووری شاری سلێمانیدا چەندین گەڕەکی نوێ دروست بوون بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەم گەڕەکانە بەبێ خزمەتگوزارین هەر لەنەبوونی شەقامەوە بیگرە تا دەگات بەبێ ئاو و کارەبایی و نەبوونی نەخۆشخانەو قوتابخانەو دامودەزگای خزمەتگوزاریی پێویستی تر کە پابەندن بەژیانی رۆژانەی هاوڵاتیانەوە.

نەبوونی خزمەتگوزاریی لەو گەڕەکە تازانەدا بۆتە هۆکارێك بۆ وەستانی دروست کردنی خانووی نیشتەجێ بوون لەلایەن هاوڵاتیانەوە، ئێستا لەگەڕەکانی قرگە، قەرەتۆغان، کانی سپیکە، زەرگەتەی کۆن، ڕاپەڕین.... بەهەزاران پارچە زەوی نیشتەجێ بوون هەیە کە هاوڵاتیان لەبەرنەبوونی خزمەتگوزاریی ناتوانن بیکەنە خانوو و خۆیان لەحاڵی کرێچێتیدا هێشتۆتەوە، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە ڕەخنە ئاراستەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن کە کێشەو نارەزایەتییەکانیان بڵاو ناکەنەوە بۆیە پێیان وایە هەم لەلایەن دەسەڵاتەوە و هەم لەلایەن میدیاوە فەرامۆشکراون.

لەبەسەرکردنەوەیەکی مەیدانیدا بۆ نێو ئەو گەڕەکانە ڕای چەندین هاوڵاتیمان بەمجۆرە وەرگرت.

سەرەتا کاك (حەمە ڕەشید) لەگەڕەکی کانی کوردە وتی: ئێمە سوپاسی حکومەتی هەرێم دەکەین کە زەوی نیشتەجێکردنی بۆ دابینکردووین، بەڵام لەهەمان کاتدا گلەیی و کێشەمان زۆرە، جادەمان نییە، کارەبامان نییە، ئاومان نییە، دەبێت حکومەت زۆر بەجدی ئاوڕمان لێ بداتەوە، من لەڕێگەی ئێوەوە داوا دەکەم لەبەڕێز حاکم قادر

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی کە یارمەتیمان بدات و لانی کەم کێشەی ڕێگاو بانمان بۆ چارەسەر بکرێت کە زۆر زەرورە.

مامۆستا عەلی – لەگەڕەکی قرگە وتی: ئێمە داوامان کردووە و داوادەکەین کە بەزووترین کات نەخۆشخانەمان بۆ دروست بکرێت، قوتابخانەمان بۆ بکرێتەوە، ئێستا خۆت بەکامێراکەت وێنەی ئەم گەڕەکەی ئێمە بگرە بزانە چۆن تەپوتۆز خواردووینی لەزستانیشدا گیانمان لەقوڕ هەڵدەکێشرێت.. ئەمە جگە لەوەی چەند کێشەیەکی تریشمان هەیە بۆ نموونە ئاومان نییە، کارەبا زۆر بەخراپی گەیشتۆتە ئەم گەڕەکە، من داوا دەکەم لە حکومەتی یەکگرتوو کە ئاوڕ لەداواکانمان بداتەوە.

باجی سەبریە کە دانیشتووی گەڕەکی تازە دروست بووی قەرەتۆغانە ئەمیش دادو بێدادی بوو بەدەست نەبوونی کارەبا و تەپوتۆز و نەبوونی زێراب، بەمانێکی پڕ لەگلەییەوە قسەی کردو لەقسەکانیشیدا داوای لە حکومەت و کاربەدەستان کرد کە ئاوڕ لەژیانیان بداتەوە و گەڕەکەکانیان بۆ بکاتە گەڕەکێکی باش و پڕ خزمەتگوزاریی.

کاك ئازاد لەگەرەکی زەرگەتەی کۆن وتی: ئێمە دووجار موعاناتمان هەیە لەچاو گەڕەکەکانی تری شاردا چونکە ئەگەر ئەو گەڕەکانەی تر یەکجار بیٚ خزمەت بن ئەوە ئێمە دووجار بیٚ خزمەتین و هیچ خزمەتگوزارییەکمان نەگەیشتۆتیٚ.

ئەگەر حکومەت بەمجۆرەی ئێستا کاربکات و بەو کیسەڵییە خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات لەوانەیە تا سەدەیەکی تریش گەڕەکانمان بەفیعلی نەبنە گەڕەك.

*ئەوەی ئێستا تێبینی دەکرێت لەدوای خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی شارو شارە دێ و شارۆچکەکانی کوردستانەوە ئەوەیە تاڕادەیەك حکومەت و دەسەلاٚتی کارگێریی کەوتۆتە هەندێك جموجۆڵ بۆ چارەسەرکردنی بەشێك لەکێشە و کەموکورتییەکانی هاولاٚتیان، بەلاٚم هێشتا ئەوە هەست پێدەکرێت ئەو گەڕەکە تازانە فەرامۆش کراون لەکاتێکدا جگە لەخەڵکی ئاسایی بەشێکی هەرە زۆری فەرمانبەران و هونەرمەندان و رۆژنامەنووسان و نووسەران و پێشمەرگە دێرینەکان زەویان لەم ناوچەو گەڕەکانە وەرگرتووە.

ئەمەش بۆتە جێگەی نیگەرانی، بەشێکی زۆر لەم توێژانەی کۆمەڵگا لەبەرنەبوونی خزمەتگوزارییەکان زەویەکانی خۆیان هەرزان فرۆش کردووە و دەیکەن، ئێستاش لەسەر چەندین پارچە زەوی لەو گەڕەکانەدا خەڵکی سەوداو مامەڵە دەکەن.

لەنێزیك گەڕەکی قەرەتۆغان چەند کەسێك لەگەڵ یەکێك لەدەلاڵەکانی ئەو گەڕەکەدا خەریکی سەوداو مامەڵە بوون لەسەر پارچە زەوییەك، چوومە نێزیکیان دوای سلاٚوکردن خۆمم وەك رۆژنامەنووس پێناساندن و کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیان.

دەلاڵەکە کەناوی (عەبدوڵلاٚ) بوو وتی: بەڕاستی هەر کەسێك زەوی دەفرۆشێت لەدڵەوە زۆرم پیٚ ناخۆشە لەبەرئەوەی ئەم زەوییە موستەقبەلی ماڵو منداڵییەتی بەلاٚم کێشەو نەبوونی خزمەتگوزاریی وا لە هاولاٚتیان دەکات بێزار بنو بەئاسانی دەستبەرداری بن و زەویەکانیان بفۆرشن، من تاوەکو ئێستا زەوی هەر کەسێکم فرۆشتووە هۆکارەکەی ئەوەبووە کە ئەم گەڕەکانە زۆر بیٚ خزمەتگوزارین.

خەڵکانی دەوڵەمەند زەوییەکان دەکڕن و هەڵیدەگرن بۆ ئەوەی لەئایندەدا بەنرخێکی زۆر و خەیاڵی بیفرۆشن، ئێستا نرخی زەوییەکی تاڕادەیەك باش نزیکە بە دوو دەفتەر دۆلارە بۆیە داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم

دەستی ئاوەدانی بگەیەنێتە ئەم گەڕەکانە بەمەش کێشەی سەکەن زۆر فەرق دەکات و وورده وورده بەرەو چارەسەرکردن دەڕوات.

(شێخ کاوە) پێشمەرگەی دێرین سەرقاڵی فرۆشتنی پارچە زەویەکەی خۆی بوو لەکاتی مامەڵەدا و بەدەم ڕێوە وتی: من چی لەم پارچە زەویە بکەم لەو بیابانە کاکی بە کاکییە؟ بەنجا ساڵی تریش چاوەڕوان بم هێشتا ئەم دەشتە هەر دەشتەو نابێتە گەڕەك، من مەگەر ئەم زەویە بکەم بەپیاز چی لێبکەم؟ جا ئەوە کردیشم بەخانوو وەڵلاً لەم کەنارە دوورەدا هەر شەو گورگ دەمخوات، بۆیە عەرزەکەی خۆم دەفرۆشم و خوا نەیبڕێ دوو دەفتەر دۆلار دەکات، دەفتەرێکی بۆ خۆم و ماڵو منداڵ و بەدەفتەرەکەی تریش کوڕەکەم دەنێرم بۆ سوید.

لەو سەردانە مەیدانییەمدا ئەوەی بینم لەم گەڕەکانە بریتی بوو لە: شەقامی خۆڵ، تەپوتۆز ئەو گەڕەکانەی داپۆشیوە و خەڵکەکەشی تەواو بێزار و نیگەرانن لەدەسەلاتی کارگێڕیی کە تاوەکو ئەمرۆکە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی نەگەیاندۆتە ئەو جێگایانە، ئەم وێنانەش کە دەیبینن دیمەنی ئەو گەڕەکە تازە دروستکراوانەیە کە هیچ خزمەتێکی تێدانەکراوە، بەو هیوایەی کە شارەوانی سلێمانی و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لەحکومەتی هەرێم بەجیدیی ئاوڕ بدەنەوە لەم گەڕەکانە و چارەسەری کێشەی هاوڵاتیان بکەن چونکە خەڵك ناتوانێ لەم گەڕەکانە بژی هەربۆیە دەبینین هەزار پارچە زەوی نەکراوە بەخانوو یان دەیان خانووی چۆڵ دەبینرێت کە لەبەرنەبوونی خزمەتگوزارییەکان خەڵك ناتوانن بچنە ناوی.